## نووسەرو رۆژنامەنووس، تامان شاکر:

**ئەگەر ئەو رەوشە ئاوا بڕواتە پێشەوە کە رێکخراوەکانی ژنان تەنیا لە هۆڵەکانی هۆتێل شیراتۆن‌و پلازا کۆڕەکانیان رێکبخەن ئەوە چارەنووسی ژنی کورد لەوەی هەیە رەشتر دەبێ.**




## دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

لەدرێژەی زنجیرە تەوەری مافەکانی ژنان‌و بزوتنەوەی ژنان‌و قسەوباس کردن لەسەر دۆزی کێشەکانی ژنان‌و خودی ئیشکالیەتەکانی رێکخراوەکانی ژنان‌و دوان لەبارەی پرسە هەستیارەکانی مافی ئافرەتانەوە، ئەمجارە دیمانەیەکی خێرامان سازدا لەگەڵ ژنە نووسەرو رۆژنامەنووسی چالاك (تامان شاکر).

**ستیڤان:** ئێمە چەندین رێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی‌و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم رێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لە قاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەیەکی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەی ژنانەو فێمنیستانە بێت؟

**تامان شاکر:** دەتوانم بە یەك وشە وەڵامت بدەمەوە: نەخێر، لە بەر ئەوەی ئەو رێکخراوانەی لەکوردستان هەن هەموویان رێکخراوەکانی حیزبن، ئەوە رێکخراوەی ژنانە، ئافرەتانە، هەر بەناوەکانیان سەیر بکە ئافرەتان لە هەولێرە، ژنان لە سلێمانییە، هەر حیزبەو رێکخراوێکی هەیە، چونکە هیچ کەسێك لێرە ئیمکانیەتی ئەوەی نییە رێکخراوێك دابمەزرێنێ ئەگەر حیزبێك پاڵپشتی نەبێ، لە کوردستانیش خۆت دەزانی هەموو یاساکان‌و ژیانمان، هەموو ئەو کارانەی پەیوەستن بەرۆشنبیریی‌و بەچالاکی هونەریی هەمووی لەلایەن حیزبەکانەوەیە، چونکە لە کوردستان یەکەم جار حیزب دوایی حکومەت هەیە.

حیزب باڵادەستە بۆیە رێکخراوەکانیش حیزبین، دەکرێ کەسانێك هەبن باس لە فێمینیستی بکەن، بەڵام ئەمەش ترسێکی گەورەی لەناو خەڵکدا دروستکردووە، چونکە پێیانوایە فێمینیزم بیروبۆچوونی دژ بە پیاوانە. بە پێچەوانەوە ئەوانە لە فێمینیزم نەگەیشتوون، چونکە فێمینیزم ئەوەیە خزمەت بە مرۆڤ بە تایبەتی ژن بکات، هەر ژنێکیش لە کێشەکانی خۆی تێگەیشتبێ‌و بزانێ هۆکاری چەوساندنەوەکانی چین فێمینیستە، چونك بیروبۆچوونی فێمێنیزم لە مانەدا گەڵاڵە دەبێ‌و خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە کەژنێك باس لە فێمینیزم دەکات یەکسەر کۆمەڵگە لێی دەترسێ‌و وادەزانێ دەیەوێ شۆڕشێك دروست بکات لەدژی پیاو.

بۆیە پێتدەڵێم نەخێر هیچ رێکخراوێکی فێمینیستی سەدا سەدمان لەکوردستاندا نییە.

**ستیڤان** گومان لەوە نییە چەوساندنەوەو هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییەو تایبەت نییە بە کۆمەڵگەو کولتورێکی دیاریکراو، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق‌و دیارەو فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەویی‌و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکانی ژنان‌و چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

تامان شاکر: کۆمەڵگەی کوردیی نە تەنیا بەرامبەر بە ژن دڵڕەقە، کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکە نە مرۆڤ دۆستە نە ئاژەڵدۆست، لەبەر ئەوە کاری ڕێکخراوەکان کە دەیکەن بەناوی داکۆکیکردن لە مافی ژنان، بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسیی و چیی و چی، ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن یەك هەنگاو بچنە پێشەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە هەر هەموویان کار بۆ گیرفانی خۆیان دەکەن نەك کار بۆ کۆمەڵگەی کوردیی بکەن، با باسی ڕێکخراوەکانی ژنان نەکەم تۆ دەبینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تا ئێستا نەیانتوانیوە کۆمەڵگە والێبکەن خەڵك تف و بەڵغەم فڕێ نەدەنە سەر جادە، پیسییەکانیماڵەکانیان فڕێنەدەنە سەرجادە، لە پەنجەرەی سەیارەکانیانەوە قوتوی بیبسی فڕێنەدەن، کەواتە ئەوان نەیانتوانیوە خەڵك ڕۆشنبیر بکەن، ڕێکخراوەکانی ژنانیش بە هەمان شێوە نەیانتوانیوە داکۆکی لە مافی ژنان بکەن.

بێگومان لە هەموو دنیادا ژن دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام قاڵبی چەوساندنەوەکان لە هەر شوێنەو بەجۆرێکە، بۆ نموونە لە ئەوروپا ژنان زۆرتر لەلایەنی سێکس و هەڕاجکردنیان لەبازاڕدا دەچەوسێنەوە، لە کورستانیش چەوساندنەوەی ژنان ئەوەیە کەماف و ئازادییان نییە، دواتر بوونەتە موڵکی کەسانێکی تر کە بەڕەزامەندیی خۆیان هەڵیان نەبژاردوون.

لەبەر ئەوە ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرحکومەت دانانی یاسایەکە مافی تاکەکان و ژنان بپارێزێ، بۆ ڕێکخراوەکانی ژنانیش بێ ئومێدم لێیان لەبەر ئەوە ناتوانم هیچ شتێك بڵێم لەسەر ئەو ڕێکخراوانە.

ستیڤان ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتوریدان بە ئەندازەیەك ژمارە گەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسوتاندن، تەنانەت خۆسوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لە دڕندەیی کولتوور دەکات یان لاوازیی و پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

تامان شاکر: کەسایەتی ژنی کورد ئەوەندە لاوازو پاسیڤ نییە کە هەموو کاتێك پەنا بۆ ئاگرو خۆکوشتن ببات، بەڵام هەندێك جار لە ئەنجامی ئەو مامەڵە توندوتیژەی کە ڕۆژانە بەرامبەریان دەکرێ، تەمەنێك، سی ساڵ، چل ساڵ لەژێر چەوساندنەوەدا بووەو کەسێك نەبووە دەستی بگرێ و لەو ژیانە ناخۆشە دەریبهێنێ چی دەکات؟ خۆی دەکوژێت.

زۆرکەس دەڵێن ژنان هیچیان نییەو لەخۆڕا تەنەکەیەك نەوت دەکەن بەخۆیانداو ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر دەدەن! ئەمە قسەی قۆڕە، لەڕاستیدا ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن هەمووی باکگراوندێکی زۆری هەیە، سەرەتا ئەو کەسە تووشی پشێویی دەروونی بووە، تووشی نەخۆشی خەمۆکی بووە ئینجا پەنای بردۆتە بەر خۆکوشتن.

بۆ پەیامی ئاگر، پێموایە ئەو کەسەی خۆی دەسوتێنێ، دەیەوێ پێمان بڵێ من ئیتر لەم ژیانە بێزار بووم و تاقەتم نەماوە، هەم لەدوای خۆیشی ناڕەحەتییەکی دەروونی بۆ کەس و کارو دەوروبەرو کۆمەڵگە بەجێبهێڵێت، لەبەر ئەمە پێموانییە ئەو ژنانەی کە خۆیان دەکوژن ژنانی ترسنۆك بن یان ژنانێك بن هەر لە خۆڕا خۆیان بسووتێنن، بێگومانم لەوەی کەپاش دەردەسەریی و بێ ئومێدیی و بێ هیواییەکی زۆرو کەژیان تروسکەی تیانەما ئیتر پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن.

ستیڤان بەدەر لەوەی کولتووری کوردەواریی ڕووبەرێکی بەرفراوانی تیایە بۆبێ بایەخکردن و چەوساندنەوەی ژن، بەڵام یاساکان بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێکی یاساییدا ڕەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساکان چەندە کاریگەرە لەڕاستای دابینکردنی مافەکانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بە بێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتۆرێك بۆ پاراستنی ژن لە هەڕەشەی چەوساندنەوەو دواتریش یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا؟

تامان شاکر: ژیانی هەموومان بەیاسا ڕێکدەخرێت، تۆ سەیری وڵاتانێك بکە کە ژمارەی دانیشتوانیان حەفتا بۆ هەشتا ملیۆنە، ئەمانە هەمووی بەیاسا ژیانیان ڕێکخستووە، بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا یاسا نییە، بۆ نموونە تا ئێستا ئێمە شوێنێکی تایبەتمان هەیە کە لەلایەن هەردوو حکومەتەکەی پێشوو و ئێستاوە دەعم دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەیەکی عەشائیریی. تۆ دەتوانی بە یاسا ژیانی ئینسانەکان دابین بکەیت، بۆ نموونە دەتوانی یاسایەك دەربکەیت کە لە سەعات دەی شەوەوە دراوسێکەت نەتوانێ تۆ ناڕەحەت بکات، دەتوانی یاسایەك دەربکەیت کە کابرای دراوسێت کە سەعات یەك و دووی شەو دێتەوە بەهۆڕینی سەیارەکەی ناڕەحەتت نەکات، بێگومان دەتوانین ژیانی هەموو ئینسانەکان بە یاسا ڕێکبخەین، تۆ کە کێشەیەکت هەیە دەچیتە بەردەم دادگا بۆیە پێویستە ئەو دادگایە، دادگایەکی ڕاستەقینەبێت و لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە یەکەمجار حکومەت بیر لە یاسایەك بکاتەوە کەمافی تاکەکانی دابین بکات، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تاك بوونی نییە بەڵکو، ئێمەی درۆزن هەین! کەواتە کە تاك مافی نەبوو تۆ ناتوانی پێشکەوتن بەدەست بهێنێت، کە تاك نەبوو داهێنان نابێ، کوا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێ خاوەنی داهێنانێکی سەرنجڕاکێشە؟ کەواتە پێویستە ئێمە بەیاسا ژیانمان ڕێك بخەین، مافی تاك و ژن و منداڵ و کەم ئەندام و مافی هەموو ئەو لایەنانە بپارێزین کەلەناو کۆمەڵگەکەماندا بەشێکن و ژیانێکی تێکەڵاومان دروست کردووە پێکەوە.

**ستیڤان** ئەگەر بەزمانێكی سادەو كەمێك تەقلیدیی ئەو پرسیارە بكەین داخۆ چارەنووسی ژنی كورد بەكوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەركەوتووە تا ژنی كورد لەم میحنەتە رزگار بكات یان دەبێ چاوەڕێی گلۆبالیزەیشن‌و كاریگەریی دەرەكی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بكات تا بتوانێ كەمێك لەو خەباتە سوودمەندێت؟

**تامان شاكر:** ئەگەر ئەو رەوشە ئاوا بڕواتە پێشەوە كە رێكخراوەكانی ژنان تەنیا لە هۆڵەكانی هۆتێل شیراتۆن‌و پلازا كۆڕەكانیان رێكبخەن‌و بانگی تامان شاكرو مەهاباد قەرەداغی‌و چنور نامیق‌و كێ‌و كێ بكەن كە باسی كێشەی ژنیان بۆ بكەن بێگومان چارەنووسێكی زۆر رەشمان دەبێت.

چونكە من هەموو مافەكانی خۆم دەزانم‌و نایەڵم كەس غەدرم لێبكات جا پیاو بێت، یان دەسەڵات بێ، یان هەر كەسێك بێت، پێویستە كۆڕو كۆبوونەوەكانی رێكخراوەكانی ژنان بچێتە ناو گەڕەكە هەژارەكانەوەو بۆ ئەو ژنانە بێت كە بەڕاستی ژیانیان سەختەو بەڕاستی دەچەوسێنرێنەوە.

دوایی ژنی كورد بێجگە لەوەی كۆمەڵێك كێشەی خێزانی هەیە، پیاوی كوردیش لەڕاستیدا كێشەی هەیەو پیاوی كوردییش كێشەی بەخێوكردنی ماڵ‌و منداڵی هەیە، كێشەی كرێ خانوو كەمیی موچەی هەیە، كێشەی كارەباو نەوت‌و غازی هەیە، كێشەی گەندەڵی هەیە، ئەمانە هەمووی كێشەن لەبەر ئەوە من دەتوانم بڵێم كۆمەڵگەی كوردیی بەگشتی لە قەیرانێكی زۆر زۆر سەختدا دەژی، كە كاتێكیش كێشەی كۆمەڵگە چارەسەر نەبێ كێشەی ژنیش چارەسەر نابێ، كاتێك كە كۆمەڵگە بە عەقڵیەتێكی دۆگماوە بیر لە ژیان دەكاتەوە، ئەوە هەموو كۆمەڵگە بە هەموو چینەكانییەوە بەدەست كێشەكانییەوە دەناڵێنێ، بێجگە لەوەش ئێمە كاتێك باس لەمافی ژنان دەكەین پێویستە باس لە مافی مرۆڤیش بكەین چونكە ژنیش مرۆڤە.

لەبەر ئەوە پێمباشە رێكخراوەكانی ژنان جارێكی تر بە خۆیاندا بچنەوەو بچنە پێشەوە بۆ گۆڕانكاریی كردن ئەگەریش بتەوێ گۆڕانكاریی بكەیت بێگومان هەندێ كەس لێت توڕە دەبن.

جا من پێموایە ئەم رەوشەی ئێستا ئاوها بەردەوامبێ ئەوە هیچ تروسكاییەك نییەو رەوشی ژنانیش لەوەی ئێستا هەیە باشتر نابێ بەڵكو رەنگە بەرەو خراپتریش بڕوات.

Shamzini79@hotmail.com